# مووچەی چەند شەهیدێکی پارتی و ڕێبازی بارزانی!



دووشەممە 2.4.2012

دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

شەهید سەر بە هەر لایەنێک و بیرو باوەڕێک بێت، شوێن و ڕێزی تایبەتی خۆی هەیە لە دڵ و دەروونی هەموو کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرێکی کورد. هەر بۆیەشە کورد بەیەک دەنگ و بەیەک ڕەنگ بۆ شەهیدان هاوار دەکات:

ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان
نامرێ ناوو نیشانتان
ئێوە بوونە ڕابەرێ مە
بوونە پشت و سەنگەرێ مە

بەشێکی زۆری شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان، بەدەستی جاشە خۆفرۆش و کرێگرتەکانی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراقی شەهید بووینە بەتایبەت جاشەکانی حکومەتی بەعس و سەدام. ئەو سەرۆکجاش و مەفرەزە خاسانەی کە ناوبانگیان دەرکردووە لە شەهید کردنی پێشمەرگە، ڕێکخستنە نهێنییەکان و هاووڵاتیان بۆ نموونە تەحسین شاوەیس، قالە فەرەج، حەمەی حەسۆل، مامەند مەولود قەشقە، مەلا عوزێر، فارس کەریم، خالیدی خولەسوور، مەمۆی شیوعی، حوسێن حەمە سوور ئاغا، مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان، عەباسی بایزی باڵو ئاغا، ئەنوەر بەگی بێتواتە، مستەفا حەمە ڕەسوڵ (مستەفا گۆج)، قاسم فارس ئاغای غەفوری و چەندین جاشی دیکە.

قێزەونترین ڕەفتاری هەندێک لە سەرۆکجاش و مەفرەزە خاسەکان وەکو ڕاکێشانی کێخوا ڕەسوڵی بێتواتە بە زیندووی بەدوای ئۆتۆمۆبێلدا لە ڕانیەوە بۆ بێتواتە و دواتر سووتاندنی، تەنیا لەبەرئەوەی ڕەشۆی کوڕی پێشمەرگە بوو.

بایز کەریم، یەکێک بوو لە جاشە هەرە دڕندە و بەدناوەکانی قاسمە کوێری کۆیە، کە لە کۆتایی حەفتاکاندا لە دەشتی کۆیە کوڕپەیەکی سەر بێشکەی فڕێدایە ناو ئاگر و منداڵی بێتاوان تا گیانی دەرچوو لەناو ئاگر دەیزریکاند. هۆکاری سووتاندنی ئەو منداڵە تەنیا لەبەر ئەوە بوو باوکەکەی پێشمەرگە بوو. بایز کەریم، دواتر لەلایەن مەفرەزەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستگیر کراو لە ڕێکەوتی (19.7.1980)دا گوللە باران کرا.

فارس کەریم عەبدوڵلای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (86)، لە ڕێکەوتی (28.8.1982)دا دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە گوندی (حەسەن بڵباس)ی بناری چیای قەرەچوغ شەهید کرد بە ناوەکانی سەیفەدین عەزیز حاجی داود دێمەکاری و عەباس عوسمان حوسێن حەمەد دارەتوویی، کە دواتر فارس کەریم تەرمی شەهیدەکانی تا ناو گوندی چەغەمیرە بەدوای ئۆتۆمۆبێلدا ڕاکێشا.

قاله فەرەج و تەحسین شاوەیس سەعید، لە بەرەبەیانی (6.10.1980) لە گوندی (مام ڕەش)دا دوای شەڕێکی سەخت پێنج پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شەهید دەکەن و مەناف تاڵیب چاڵاوی ناسراو بە شاخەوان بەدیل دەگرن، کە دواتر لەناو بازاڕی چەمچەماڵ بە بەرچاوی خەڵک بەشێوەیەکی نامرۆڤانە و دڕندانە بەدەستی تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج شەهیدکرا.
سەید قەهار و سەید عەباسی کوڕانی سەید حوسێن خورمەڵەیی (فەوجی 10ی جاشان) لە هەولێر و حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری (حوسێن حەمە سوور ئاغای سەرۆکجاشی فەوجی 175) لە قەڵادزی تەنیا بەهۆی لەبەرکردنی جلی ڕەش، پشتێنی ڕەش، تەزبێحی درێژی قەزوان و ڕیشی درێژ دەیان و سەدان گەنجی کوردیان دارکاری کردووە. ئەوەی شایەنی باسە، سەردار پشدەری ماوەیەکە وێنەی حوسێن حەمەسوور ئاغای سەرۆکجاشی خۆفرۆش و کوردکوژی لەسەر پەیژی فەیسبووک داناوە و بە پاڵەوانی ڕاپەڕین ناوی بردووە، هەروەها هەرکەسێک لەو بۆچوونەیدا هاوڕا بێت لەگەڵ سەردار و هەرچی بنووسێت، ئەو دەستخۆشی لێدەکات، وەلێ ئێمە چەند کەسێک تاوانەکانی حوسێنی حەمە سوور ئاغا-مان دەستنیشان کرد و لەسەر پەیژەکەی ناوبراو نووسیمان، کەچی بەداخەوە ئەو دەمودەست هەمووی لابردن. ئا ئەمەیە ئازادی دەربڕین لای سەردار پشدەری و دیموکراتییەت و ئازادی سەرداری کە ڕۆژ تا ئێوارێ گلەیی لە دەسەڵات دەکات لەسەر نەبوونی ئازادی دەربڕین و پێشێلکاری لە مافە دیموکراتییەکانی تاکی کورد لە باشووری کوردستان!
مامەند ساڵح مەولود لەک (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (113)، لە ڕێکەوتی (23.7.1994)دا دوو گەنجی کوردی لە گەڕەکی باداوەی هەولێر لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید کرد، تەنیا لەبەرئەوەی سەوزپۆش بوون.
یەکێک لە فەرماندەی مەفرەزە خاسەکانی هەولێر، دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی (22.3.1988)دا ئامۆزایەکی لەلایەن سەرۆکجاشێک شەهید دەکرێت و تەرمەکەی ڕادەستی ئەمنی هەولێر دەکەن، بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر بەدوای ئەو مەفرەزە خاسەیەدا دەنێرێت بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە ئەوە تەرمی پێشمەرگەی ناوبراوە. دوای ئەوەی تەرمی شەهیدەکە بە ئامۆزا مەفرەزە خاسەکەی نیشان دەدەن، ئەو ویژدان مردووە بە پێلەقەوە دەکوتێ بە دەموچاوی پێشمەرگەکە و بە پێڵاوەوە دەچێتە سەر دەموچاوی شەهیدەکە و دەڵێ: (هەی مەخەڕیب، هەی خائین، هەی عەمیل تۆ کەی ئامۆزای منی؟ تۆ خائین و عەمیلی). کەچی ئێستاکە ئەو مەفرەزە خاسەیە شۆڕشگێڕێکی عەیار بیست و چوار و مووچەکەی دە جار بەقەد مووچەی ئامۆزا شەهیدەکەیەتی کە لە ڕێگای کوردایەتی و بەدەستی جاش شەهید کرا!
دوای ڕاپەڕین حزبە کوردستانییەکان هەر بە تێکەڵ کردنەوەی پێشمەرگە و جاش نەوەستان، بەڵکو چاک و خراپ، نیشتمانپەروەر و خۆفرۆش، کوردپەروەر و کوردکوژ، زیندانی سیاسی و زیندانی دزو جەردەو ژنکوژ، شەهید و کوژراوی جاشی گۆڕبەگۆڕیان تێکەڵ بەیەک کردەوە. بەمەش بەرە بەرە لە پیرۆزی و گەورەیی پێشمەرگە، زیندانی سیاسی و شەهیدیان کەمکردەوە و ناویان سووک کردن.

وا له خوارەوەدا ناوی چەند شەهیدێکی پارتی و ڕێبازی بارزانیتان بەتەواوی زانیارییەکانەوە بۆ دەنووسمەوە کە لە لیستی شەهیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگیراون، هیوادارم هەرکەسێک گومانی لە بوونی ناوی هەر جاش و پیاو خراپێکی بەعس و سەدام هەیە کە بەناوی شەهید لە لیستی شەهیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان مووچەی بۆ بڕابێتەوە، با بە ئیمێلێک ناوی سیانی ئەو کەسە و شوێنی دانیشتن و ساڵی کوژرانیم بۆ بنێرێت، ئەوکاتە ئەگەر کەسە گومان لێکراوەکە ناوی لە لیستی شەهیداندا هەبێت، یەکە یەکە ناوەکانیان و مووچەکانیان بڵاویان دەکەمەوە:

1. قادر فەرەج عەبدوڵڵا دەڵۆ (قالە فەرەج)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (49) و بکوژی سەدان پێشمەرگە و هاووڵاتی، کە لە ڕێکەوتی (28.10.1985)دا بەدەستی پێشمەرگەیەکی تیپی (21)ی کەرکوکی سەر بە (ی. ن. ک.) کوژراوە، کەچی ئەو کۆنە فەرماندەی مەفرەزە خاسە و دڵسۆزی ڕژێمەکەی سەدام و بەعس بەگوێرەی فۆرمی شەهید (3152 هاء)ی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە بە شەهید و مانگانە (200.000) دوو سەد هەزار دینار شەهیدانە دەدرێت بە سەبریە عەبدوڵڵا عومەر.
2. سەڵاح مستەفا فەرەج عەبدوڵڵا دەڵۆ (کەرکوک/1966)، جێگری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (49) و برازای قالە فەرەج، لە ڕێکەوتی (18.3.1991) لە قەرەهەنجیر کوژرا، هەندێک پێیان وایە بەدەستی کەسوکاری شەهیدان و هاووڵاتیان لەدواوە تەقەی لێکراوە و کوژراوە، بەڵام زۆربە پێیان وایە بە گوللەی بەعس کوژراوە، کەچی سەڵاح مستەفای کۆنە مەفرەزە خاسە وەکو فەرماندەی بەتالیۆن و شەهیدی سەنگەری پارتی دیموکراتی کوردستان هەژمار کراوە و مانگانە (334.000) دیناری ئێراقی دەدرێت بە شیڤانی کوڕی و (66.000) هەزاریش بە مەنیجە ئەحمەد محەمەدی دایکی.
3. تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی (کەرکوک/1944)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی و سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (172)ی جاشە سووکەکان کە بە سەدان پێشمەرگە، ڕێکخستن و هاووڵاتی بێتاوانی شەهید کردووە. تەحسین شاوەیس، لە ڕێکەوتی (21.10.1996)دا لە نزیک دوکان بەدەستی پێشمەرگەی (ی. ن. ک.) کوژرا، کەچی ئەو کۆنە فەرماندەی مەفرەزە خاسە و کۆنە سەرۆکجاشە دژ بە کورد و کوردستانە بە پلەی ئەندام سوپای حەمرین لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان مووچەی شەهیدانەی بە فۆرمی (239 س. ح.) بە بڕی (1.700.000) یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دینار بۆ دەرچووە و لەلایەن گوڵاڵە عەلی کەریم لە بانکی سەفین وەردەگیرێت. بنەماڵەی تەحسین شاوەیس سەرەتا خۆیان نەیانویستووە خانوو وەرگرن، کەچی دواتر لە لیستی ساڵی (2008)دا بۆ خانوو وەرگرتن ناویان هەیە.
4. فارس کەریم عەبدوڵڵا ڕەسوڵ (هەولێر-کەندێناوە/ 1948)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (86)ی جاش کە بە دەیان پێشمەرگەی شەهید کردووە. فارس کەریم عەبدوڵڵا، لە کۆتایی ساڵی (1997)دا بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد، وەلێ بە فەرماندەی بەتالیۆن کراوە بە

شەهیدی ئەو حزبە و دوو مووچەی شەهیدانەی هەیە بە بڕی (1.000.000) ملیۆن دینار کە ژنەکانی بەناوی ناجیە عەلی ڕەسوڵ بە فۆرمی شەهید (111)ی سوپای دوو و سافیە سالّم بە فۆرمی (111س2) هەر یەکەیان (500.000) هەزار دینار مانگانە وەردەگرن. ژنەکانی فارس کەریمی کۆنە مەفرەزە خاسە و جاشی سەدام، دوو پارچە زەویشیان لەناو شاری هەولێر بەم ژمارانەوە (1264/284) و (1265/284) وەرگرتووە. ئەوەی شایەنی باسە ئەو لیستەیەی لای من لیستی ساڵی (2008)ە، وەکو بیستوومە دواتر مووچەی فارس کەریم بەرزکراوەتەوە بۆ (1.600.000) دینار و ئەوەی تەحسین شاوەیس بۆ (2.500.000) دینار.

5. کەریم حەمەڕەئوف فارس حەسەن کانیساردی (1950/سلێمانی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت کە چەندین پێشمەرگەی شەهید کردووە، لەنێویاندا شەهید پێشڕەو (مامۆستا ئاراس عبدولڕەحمان عەبدوللا لە ڕێکەوتی 24.7.1984). کەریم حەمەڕەئوف فارس، لە ڕێکەوتی (21.10.1996)دا لە نزیک شارۆچکەی دوکان لەگەڵ بیستونی کوڕی و تەحسین شاوەیس بەدەستی (ی. ن. ک.) کوژرا. کەریم حەمەڕەئوف کانیساردی، کۆنە مەفرەزەی خاسە بە پلەی سەرلقی سوپای ڕزگاری بە فۆرمی (109س. ڕ.) مووچەی شەهیدانەی (800.000) هەزار دیناری مانگانەی هەیە کە پەریخان محەمەد فارس وەریدەگرێت و خانوویەکیشی لە هەولێر دراوەتێ.
6. بێستوون کەریم حەمەڕەئوف فارس حەسەن (1971/سلێمانی)، جاشی مەفرەزە خاسە بووە لە مەفرەزەکەی باوکی، کە دوای ڕاپەڕین چۆتە ناو پارتی و لە ڕێکەوتی (21.10.1996)دا لە نزیک شارۆچکەی دوکان بە هاوەنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ باوکی و تەحسین شاوەیس کوژران. بێستون کەریم کانیساردی، بە پلەی فەرماندەی بەتالیۆن لە سوپای ڕزگاری بە فۆرمی (110س. ڕ) بڕی (1.200.000) یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار شەهیدانە بەناوی ئەوەوە دەچێتە قاسرین (بانکی سەفین) بۆ ڕێکانی کوڕی.